**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٦٣٣٣ لە ٢٠٢٢/١١/٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش**

**ماددەی (١):**

هەمواركردنەوەی بڕگەی (٥ ، ٦) لە ماددەی (یەكەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٥- جام ڕەش:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل كە لە بنەڕەت لە كۆمپانیا بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) و (٥١٪ تا ٨٠٪) و (٨١٪ تا ٩٠٪) ڕەشن.

**٦- جام ڕەش كردن:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل كە بە لەزگەی تایبەت بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) و (٥١٪ تا ٨٠٪) ڕەش دەكرێن.

**ماددەی (٢):**

**یەكەم:** هەمواركردنی بڕگەی(١)لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(١- جامی ڕەشی ئۆتۆمبێل نابێت لە ڕێژەی (٨٠٪) تێپەڕ بكات جگە لەو ئۆتۆمبیلانەی كە لە بنەڕەتدا لە كۆمپانیای دروستكەر ڕێژەی ڕەشی جامەكانیان لە نێوان (٨١٪ تا ٩٠٪).

**دووەم:** هەمواركردنی بڕگەی (٦)لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٦- سێ ستیكەری تایبەت دروست دەكرێت بۆ هەر سێ ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) و (٥١٪ تا ٨٠%) و (٨١٪ تا ٩٠٪) و لۆگۆیەكی (شفاف) كە ڕێژەی جام ڕەشەكەی لەسەر نووسرا بێت لێدەدرێت و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەكانی هاتووچۆ لە گشت جامە ڕەشەكانی ئۆتۆمبێل دەدرێت لە دیوی ناوەوە ودەرەوەی خواررووی لای ڕاستی دیوی شوفێر و خواررووی لای چەپی دیوی سەرنشین.

**ماددەی دووەم:**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (پێنجەم) و ئەم دەقەیەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**یەكەم: كرێی كارگێڕی:**

١- هیچ بڕە پارەیەک وەک كرێیەكی كارگێڕی وەرناگیرێت بۆ هەردوو بڕگەی (٢/ أ و ب)ی ماددەی چوارەم بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە ڕێژەی ڕەشی جامەكانیان لە بنەڕەتدا (لە كۆمپانیای دروستكەر) لە نێوان (١٪ تا ٣٠٪)

٢-بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە بەپێی بڕگەی (٢/أ) لە ماددەی چوارەم جامەكانی بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) ڕەش دەكەن.

٣-بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/ب) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) رەش دەکەن.

٤- بڕی ( ٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی(٢/أ) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥١٪ تا ٨٠٪) ڕەش دەکەن.

٥- بڕی (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی(٢/ب)لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥١٪ تا ٨٠٪) ڕەش دەکەن.

٦- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە بنەڕەتەوە ڕێژەی ڕەشی جامەکانیان لە نێوان (٨١٪ تا ٩٠٪) ئەوا سەرەڕای وەرگرتنی پێبژاردنی ڕێژەی (٥١٪ تا ٨٠٪) ی جام ڕەشی ئەوا بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار وەکو بڕاوە (مقطوع) وەردەگیرێت.

٧- بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ دەرکردنی باجی ڕێگەپێدانی جام ڕەش کردنی ئۆتۆمبێل.

٨- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەك کرێی کارگێری وەردەگیرێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پێدانی مۆڵەت جام ڕەش یان نوێ کردنەوەی مۆڵەت.

**دووەم: پێبژاردنەکان:**

١- هیچ بڕە پێبژاردنێکی دواکەوتن لە خاوەنی ئۆتۆمبێل وەرناگیرێت ئەگەر مۆڵەتی جام ڕەش کردنەوەی نوێ نەکاتەوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتەکە و دوای ئەو ماوەیە مۆڵەتەکەی بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و پێویستە دووبارە داواکاری سەرلەنوێ پێشکەش بکات بۆ پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش وەکو (مۆڵەتی یەکەمجار).

٢- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك سزا وەردەگیرێت لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەبێ مۆڵەت یان بە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە جامی ئۆتۆمبێلەکانیان ڕەش دەکەن سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماوەی (٣) سێ ڕۆژ و لابردنی سەرپێچییەکە.

**سێیەم:**

١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەر ڕێژەی تاریکی جام تا (١٪ تا ٣٠٪) بێت ئەوا لێپرسینەوە و هیچ رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت، بە مەرجێك بە لەزگە جامەکانی ڕەش نەکرابێت ولە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر ڕەش کرابێت.

٢- ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەریان بە لەزگە لە (٣١٪ تا ٥٠٪) بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٣١٪ تا ٥٠٪) بدات.

٣- ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٥١٪ تا ٨٠٪) بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٥١٪ تا ٨٠٪) بدات.

**چوارەم:** بڕی ئەو پارانەی سەرەوە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.